# بۆچی سوریە لە لوبنان ناچێتە دەر؟

وەرگێرانی لە فارسی‌یەوە : حەمەرەسووڵ کەریمی

کوژرانی ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیری پێشووی لوبنان، لە تەقینەوەی ڕۆژی دوو شەممە لە بەیروت جارێکی‌تر مەسەلەی بوونی سوریەی لە خاکی لوبنان دا هێنایەوە بەر چاوان.

هەر چەند لێکۆڵینەوە لەو بارەوە هەروا بەردەوامە، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی وڵاتی لوبنان سوریە بە تاونباری کوشتن و تیرۆر کردنی میلیاردلێری وەڵاتەکەیان دەزانن.

سوریە بە هۆی دەلیلی جۆراوجۆرەوە نایهەوێت دەست لە دەسەڵات لە وڵاتی چکۆڵەی لوبنان کە دراوسێی خۆیەتی هەڵ بگرێ.
سوریە لە سەر ئەو باوەرەیە کە وڵاتی لوبنان سەنگەر و لەمپەرێکی گرینگی برگری و ململانەیە لە گەڵ وڵاتی ئیسرائیل.
ئێستا شەرگەکانی نێوان ئیسرائیل و سوریە زۆر ئارام و هێدین، بەڵام دمشق زۆر جار لە چریک و چەکدارەکانی بزووتنەوەی حیزباللەی لوبنان بۆ فشار هێنانی زیاتر بۆ سەر دوژمنی سەرەکی خۆی (ئیسرائیل) کەڵک وەر دەگرێ.

دمشق زۆر بە پەرۆشە لەوە کە دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بە سەر لوبنان دا لە دەست بدات، و وێدەچێ کە لوبنانی‌یەکان دەست بدەنە ڕێککەوتنێکی ئاشتی دائیمی لە گەڵ ئیسرائیل‌یەکان.
ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕوو بدات دمشق هیچ بەرگ و پسوولەیەکی بردنەوەی بۆ وەر گرتنەوەی ناوچە لە دەست چووەکانی خۆی کە لە ژێر دەستی ئیسرائیل‌یەکان دان لە دەست دا نامێنێ.
دمشق لە زۆر بواری‌تردا لە بازارەکانی وڵاتی لوبنان کەڵک و قازانج وەر دەگرێ.
ئەو چەند سەد هەزار کرێکارە سوری‌یەی کە لە لوبنان دا کار دەکەن و ژیان بە سەر دەبەن، ئەوە بە میلیۆنان دولار زەرەر لە ئابووری نەخۆش و لێکهەڵتەکاوی سوریە دەدەن.

هەروەها دمشق لەوە بە پەرۆشە کە وڵاتی لوبنان ببێتە پێگەیەک بۆ دژبەرە سیاسی‌یەکانی سوریە.
لە گەڵ ئەوەدا کە بە هەزاران هێزی سەربازی و تاقم و دەستەکانی ئەمنییەتی سوریە لە خاکی لوبنان دان، ئێستاش لوبنان زۆر زیاتر لە وڵاتانی دراوسێی خۆی ئازادترە.

ڕۆشەنبیرانی سوریە کە لە وڵاتی خۆیان دا دەکەونە بەر هێرشی سانسۆر کردن زۆرتر نووسراوە و بابەتەکانی خۆیان لە ڕۆژنامەکانی لوبنان دا بە چاپ دەگەیەنن و بڵاوی دەکەنەوە.
لە دەیەکانی ١٩٥٠و١٩٦٠ی زائینی دا زۆربەی کودەتاکان بە دژی سوریە لە بەیروت گەڵاڵەیان دارێژرا بوو.

بەڵام بە دەست تێوەردانی چەکداری دمشق لە لوبنان لە ساڵی ١٩٧٦ی زائینی دا، واتە یەک ساڵ دوای دەست پێکرانی شەرە ناوخۆیيەکانی لوبنان کۆتایی بەو تەرح و پلانانە هات.

سوریە ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەیە و هەروەها ئیدیعا دەکا کە ئاشتی لە نێو خۆی لوبنان دا ئێستاش بە شێوەی پێویست سەقامگیر نەبووە و بوونی هێزە سەربازیيەکانی سوریە، پێش بە شەر و خوێنڕێژی لوبنانیيەکان لە گەڵ یەکتر دا دەگرێت. بەڵام هەڵسەنگێنەرانی سوریای لە لوبنان دا دەلێل و بەڵگە دێنەوە کە لە کاتی شەڕەوە و تا ئەمڕۆ، بەردەوام دمشق گیر و گرفتی زیاتری لە لوبنان دا خولقاندون، بەڵام سوریە هەمیشە هەوڵی داوە کە ڕۆڵی خۆی لە وڵاتی لوبنان دا وەک ناوبژیوان و پارێزەرانی سوڵح و ئاشتی نیشان بدات.

٢٠٠٥-٠٣-٠٤

سەرچاوە : بی‌بی‌سی